# کانزایێکی گرانبەها لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دۆزرایەوە

کۆمپانیـــای ریۆئوســـترالیا رایگەیاند کە کانزایێکی گەورەی زێڕ لە ڕۆژئاوای پارێزگای کوردستان دیتراوەتەوە کە دەتوانێ بەرهەمهێنانی زێڕ لەو ولاتەدا پێنج بەرانبەر زیاتر بکات. بەپێی ئەو هەوالانەی کە بلاو بوونەوە ،کۆمپانیای ڕیۆ تینتۆی ئۆسترالیا ، کە خەریکی دیتنەوەی کانزای زێرە لە ئێران و لەو بوارانەدا پەیمانی لەگەل دەولەتی ئێران بەستووە،لە هەوالێکدا باسی ئەو کانزایەی کردووە و ڕایگەیاندووە کە ئەو کانزایە لە ناوچەی " سەری گۆنای" کوردستان هەلکەوتووە . جاران بارترامی بەرپرسی ئەوکۆمپانیایە لە ئێران ڕایگەیاندبوو کە بە دیتنەوەی ئەو کانزایە ،بەرهەمهێنانی زێر لە ئێران پێنج بەرامبەر زیاتر دەبێت . ناوبراو گوتوویەتی : بە سەرنج دان بەوەی کەئەو کانزایە زێرێکی زۆری تێدایە ،لە ماوەی ١٢ تا ١٨سالێ، هەر سالەی چوار ملیۆن تۆن بەردی زێر لەو کانزایە بەدەست دێت .بەپێی ئەو ڕاپۆ رتە ، کۆمپانیای ڕیو تینتۆ، ٧٠٪ بەشی لە کۆمپانیای زەرکۆ کەئەو کانزایە ی دیتۆتەوە ٣٠٪ی تریش هی دەولەتی کۆما ری ئیسلامیە.

# سەرانییەکان نیگەرانن

دانیشتووانی گوندی سەران لەو هەلۆیستەی ئیدارەی هەولێر نیگەرانن کە دەخرێتە بەردەمیانەوە لە چاککردن و دروستکردنی رێگەی نێوان گوندی سەران و شاری رەواندوز . بە گوێرەی هەوالەکان ئیدارەی سلێمانی برێك پارەی بۆ چاککردن و دروستکردنی رێگەی نێوان سەران — رواندوز تەرخان کردووە ، بەلام ئیدارەی هەولێر بە بیانۆی ئەوەی چاککردنی ئەو رێگەیە لە چوارچێوەی دەستەلاتی ئەواندایە پێشگیری دەکات . دانیشتووانی گوندی سەران بە نیازن کێشەکەی خۆیان بۆ بەردەم سەرۆکی هەرێم بەرزبکەنەوە

## مادده بێهۆشکەرەکان لەزیادبووندان

بە گوێرەی سەرچاوەئاگادارەکان ، ماوەیەکە بازرگانیکردن بە تلیاك و مۆرفین و حەشیش لە باشووری کوردستان پەرەی سەندووە .زۆربەی ئەو مادده بێهۆشکەرانەش لە ئێرانەوە بەرەو کوردستان دەهێنرێن .بە گوێرەی زانیاری لە حەفتەی ڕابردوو چوار کەس بە تۆمەتی تلیاك فرۆشتن لە قەزای سۆران گیراون . گومان لەوە دەکرێ باندێکی گەورەتر لەپشت ئەو چوار کەسەوە هەبێ .

# زیاتر لە ٦ ملیۆن کەس لە برسان گیانیان لە دەست داوە



بەرپرسی گشتی دارشتنی پرۆگرام بۆ بلاوکردنەوەی خواردەمەنی لە ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ،بەبۆنەی رۆژی جیهانی خواردەمەنی ،گوتی : تا کۆتایی ئەمرۆ ٦ ملیۆن و ٢٤١هەزارو ٥١٢ کەس بەهۆی برسێتی و نەخۆشی پەیوەنددار بە برسێتی گیانی خۆیان لە دەست دەدەن . هەر بۆیە داوای لە ولاتان و ڕێکخراوە سیاسی — مەدەنیەکان کرد کە هاوکاریەکانی خۆیان بە تایبەت بۆ منالان زیاتر بکەن . جیمز موریس لە درێژەدا گوتویەتی :ڕەنگە هیچ کەس نەزانێ کە خەلکی جیهان زیاتر بە هۆی برسێتی و نەخۆشیەکانی پەیوەندیدار بەبرسێتی دەمرن تا وەکوو نەخۆشی گەلێك وەك ئێد زو مالاریا و ...لایەنی دلتەزێن لە مەدایە کە دوای تێپەڕبوونی چەند سالێ ئەوە دیسان ئاماری برسێتی ڕوو لە زیاد بوون دەکاتەوە . ناوبراو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئەگەر کێشەی برسێتی منالەکان لە ناو بچێت ، هەموو جیهان بەیەکەوە بۆ چارە سەرکردنی ئەو کێشەیە هاوکا ری بکەن، ئەوە لە چەند سالێ داها توودا ئەو منالانە دەبن بەو دایك و باوکانەی کە ڕەگ و ڕیشەی برسێتیلە ناو دەبەن .مو ریس لە د رێژەدا ئاما ژەی بە ولاتە ئە فەریقییەکان کرد و گوتی : لەو ولاتانەدا کێشە لەمەش زیاترە ، سەرەڕای ئەوەی کە برسێتی هەیە، هیچ نەخۆشی تریش هەن کە بەرەبەرە ڕوو لە زیاد بوون دەکەن. ناو براو لە دوایدا باسی لەمەکرد کە بە گشتی لە جیهاندا ١٠ میلیۆن کەس منالی برسی هەیە کە هیچ یارمەتیەکیان نادرێتێ . بۆ ئەوەی کە یارمەتی بەو منالانە و بە ١٥ میلیۆن دایکی شیردەر بدرێت ، سالانە ٥ میلیا رد دۆلاری دەوێ .

# منداڵی لەشفرۆش لە ( فیجی ) دا

بە گوێرەی ڕاپۆرتی رۆژنامەی فیجی تایمز و بە پێی ڕاگەیاندنی نوێنەری ولاتی فیجی

لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، زۆربەی مندالان لە ولاتی فیجیدا لە ناوەندەکانی لەشفرۆشی بەکاردەهێنرێن . بە وتەی سایمون روکولاکا نوێنەری ولاتی فیجی لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، خزمەتکاری ، بۆیاخچێتی کار لە ناوەندەکانی لەشفرۆشی ئەو بەشانە دەکەن کە زۆرترین مندال تیایاندا کاردەکەن . دیاردەی کار لە ناوەندەکانی لەشفرۆشی رۆژ لە دوای رۆژ لە بەرز بوونەوەدایە . سایمون روکولاکا لە قسەکانی دا کە بۆ پێشوازی لە بەرنامەی رێکخروای نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پشتیوانی لە مندالانی

کرێکا ر باسی کردووە ، سەبارەت بە چوونە سەرەوەی سەرسو ڕهێنەری دیاردەی لەشفرۆشی مندالان لە ولاتی فیجی نیگەرانی خۆی دەربریوە . ئەوەی شیاوی باسە فیجی ولاتێکی هەژارەو لەنێو ئۆقیانووسی ئارام دا هەلکەوتووە

# ئایدز هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات






رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدوایین راپۆ رتی خۆیدا رایگەیاندووە کە لە بەرنامەکانی خەبات لە دژی نەخۆشی ئاید ز لە جیهاندا مندالان بەکەمترین ڕادە لەبەرچاو گیراون . بە پێی ئامارەکانی ئەم رێکخراوەیە ،هەنووکە لە هەر رۆژێك دا ١٤٠٠ مندالی ژێر ١٥ سالێ تەمەن بە هۆی نە خۆشی گەلێك سەرچاوە گرتوو لە ئایدز گیانیان لە دەست دەدەن ، وێرای ئەوەی کە لە هەر سالێکیش دا زیاتر لە ٦٠٠ هەزار مندالی ژێر ١٥ سالێ تەمەن گیرۆدەی نەخۆشی ئایدز دەبن کە ٩٠ لە سەدیان لە ولاتانی ناوەند و باشوو ر ی ئا فریقیادا دەژین . ئەم راپۆرتە دەلێت : بەو هۆیە کە مندالان ناتوانن پێداویستیەکانی خۆیان باس بکەن لە بریا ری جیهانی خەبات لە دژی ئایدز بە جێ ماوەن.

راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەلێت: مندالان لەولاتانەی کەدانیشتووانیان کەمە وەکوو بو تسۆنا و سوازیلەند لە گەل توند ترین هەرەشەی نەخۆشی ئاید ز بەرەو روون ، هەروەها رۆژانەش بە ژمارەی ئەو مندالانەی کە باوك یان دایکیان بە هۆی گیرۆدەبوون بە نەخۆشی ئایدز گیان لە دەستدەدەن زیاد دەبێت .

## کۆمەلەی گەشە پێدانی لاوان دامەزرا

رۆژی ٢٥-١٠-٢٠٠٥ بەیاننامەی دامەزراندنی کۆمەلەی گەشەپێدانی لاوان لەلایەن کۆمەلێك لە لاوانی بازیان بلاوکرایەوە . لە بەیاننامەکە هاتووە : ئێمە وەك کۆمەلێك لە لاوانی خاوەن هەلۆیست و پەرۆش بۆ مافەکانمان، بوێرانە و بەبێ گوێدانە ئینتیمانی سیاسی ، بەرژەوەندی تایبەتی لە دەوەری کۆمەلەی گەشەپێدانی لاوان کۆبووینەتەوە و بەمەبەستی داکۆکیکردن لەسەرجەم داواو خواستەکانمان و چالاك کردنی ڕۆلی لاوان لەسەرجەم بوارە جیاجیاکانی کۆمەلگە ، تێدەکۆشین .

## کۆمەڵ بەشداری لەلیستی هاوپەیمانی دەکات و یەکگرتووش لێیدەردەچێت

لەرێگەی لێدوانەکانی سەرکردەکانی کۆمەلی ئیسلامی کوردستان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن، دەرکەوتووە کە کۆمەل رێککەوتنێکی لەگەل لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کردووە و بڕیاریداوە لە هەلبژاردنی داهاتوودا بەشداری لەولیستەدا بکات . ئەوەی شیاوی باسە لەهەلبژاردنی رابردوو ، کۆمەلەی ئیسلامی کوردستان توانی (٢ ) کورسی لەکۆمەلەی نیشتیمانی عێراق مسۆگەر بکات ، واپێدەچێ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی دوو کورسیەکەیان لەپەرلەمانی داهاتوودا بۆ مسۆگەربکاتەوە . بەلام ئەوەی ئاشکرایە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە هەلبژاردنی پێشتر لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان دا بوو ، کشانەوەی خۆی راگەیاندووە و بەلیستێکی جیاواز بەشداری لەهەلبژاردنی داهاتوودا دەکات . چاودێران لەوباوەڕەدان دەرچوونی یەکگرتوو بەزیانی لیستی هاوپەیمانی تەواودەبێ و پیشبینی دەکرێ لیستی یەکگرتوو سەرکەوتنێکی رێژەیی تۆمار بکات و لەوە زۆرتری دەستبکەوێ کە لە لیستی هاوپەیمانی بۆی دیاریکرابوو

# هەواڵ

## لاوێك خۆی دەکوژێ

رۆژی ١٦ / ١٠ /٢٠٠٥ لە گوندی جوجەر ،سەر بە دەڤەری بەردە ڕەش لە ئاکامی کێشەیەکی چارەسەرنەکراوی خێزانیدا لاوێك بەناوی (....) خۆی دەکوژێ.

## کچێك خۆی کوشت

لە شارۆچکەی دۆکان ،کچێکی تەمەن ٢٤سالانە ،لەرۆژی ٩ / ١٠ ٢٠٠٥ خۆی کوشت . هەرچەندە هۆکاری خۆکوشتنەکە ساغ نەبۆتەوە ، بەلام گومان لەوە دانیە کە بێهیوابوون لە ژیان ئەو قوربانیەی بەرەو خۆ کوشتن هانداوە.

## هاولاتیەك دەکوژرێ

رۆژی ٢٢ / ١٠ / ٢٠٠٥ هاولاتیەکی شاری رانیە بە ناوی (محەمەد) کە تەمەنی ٦٠ سالە

لە کردەوەکی گوماناویدا کوژرا .بە گوێرەی هەوال بکوژو کوژراو بە یەکەوە بۆ خواردنەوە

دەچنە شوێنێ . هەر لەو شوێنەدا ئەو تاوانە ئەنجام دەدرێ ، بکوژ هۆکاری کوشتنەکە بۆ داوای سێکس لێکردن لەلایەن کوژراوەوە دەگێڕێتەوە .هەر چەندە تا ئێستا هۆکاری کوشتنەکە

روون نەبۆتەوە بەلام بکوژ گیراوە و لێکۆلینەوەی لەگەلدا دەکرێت .

## ژنێك خۆی دەکوژێ

رۆژی ٢٤-١٠-٢٠٠٥ لە شاری رانیەدا ، هاوولاتیەك بە ناوی پەروین بە گوللە خۆی کوشت . نزیکەکانی ئەو ژنە هۆکاری کوشتنەکە بۆ ئەو سوکایەتییە بەردەوامە دەگێڕنەوە کە لەلایەن مێردەکەیەوە دووچاری دەبۆوە . بە بڕیاری داغدگە مێردی ١نەکە گیراوە و لێکۆلینەوەی لەگەلدا دەکرێت .

## هاوولاتیەك کوژرا

رۆژی ٢٦-١٠-٢٠٠٥ لە نزیك دواناوەندی بناری کچان لە شاری سلێمانی ، چەکدارێکی نەناسراو دەستڕێژی لە هاوولاتی عومەر عەبدولکەریم دەکات و دەیکوژێت . هەرچەندە هۆکاری کوشتنەکە و ناسنامەی بکوژەکە نەناسراوە ،بەلام هەندێك لە نزیکەکانی کوژراوەکە لەو باوەڕەدان هۆکاری کوشتنەکە دەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەکی کۆمەلایەتی.

## ئەحمەد خالیدیان کۆچی دواییکرد



رۆژی٢٣-١٠-٢٠٠٥ شاعیر و رۆشنبیر و پێشمەرگەی رێبازی سەربەخۆیی کوردستان ، مامۆستا ئەحمەد خالیدیان بە نەخۆشیەکی کوشندە ، لە نەخۆشخانەی کۆماری لە شاری هەولێر لە تەمەنی ٣٧ سالێدا مالئاوایی لە ژیان کرد .تەرمی ئەو خەباتگێرە لە گۆرستانی شێخ ئەحمەد لە شاری هەولێر بە خاك سپێردرا .

## د.کەمالی سەید قادر گیرا

بەگوێرەی هەولەکان دکتۆر کەمال سەید قادر کە ماوەیەک مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین بووە و ئێستا لە ولاتی نەمسا دادەنیشێ، بەسەردان هاتۆتەوە کوردستان، بە تۆمەتی ئەوەی لەسەر تۆری ئینتەرنێت ناوونا تۆرەی داوەتە پال کەسانی تر و لەلایەن هەندێک لەو کەسانەوە داوای لەدژدا تۆمارکراوە، لەلایەن پۆلیسی شاری هەولێر دەستگیرکراوە . ئەگەر ناوبراو نەتوانێ بەلگەی باوەرپێکراو بە دادگە بدات لەوانەیە سزای زیندانیکردنی بۆ ببرێتەوە.